# خەزان*

شیعری: محەمەد کەساس



تەمەن شەرمی لەکەس نییە، کەڕۆیی ناگەڕێتەوە

بەرە و هەوراز رێ ئەبڕێ، بەرەو پایین نایەتەوە

زستانی تانوپۆی عومرم هەمیشە روو لەزریانە

تەمەنم بوو بەپاییز و خەندەی لێویشم خەزانە

لەغوربەتا هاتمە بوون، بۆیە نیگام پڕغوربەتە

وەك غەریبێ رێ ئەکەم و ئایندەم پڕ لەحەسرەتە

تۆش ئەی خونچەی بەهاری دڵ وەرە میحرابی ئەم دڵەم

بمکە وەلی شەیدا و عەشقی ئەوینی پاکی خاتوو شەم

بەتۆ پاییزی تەمەنم دەبێتە چوار وەرزی بەهار

بێ تۆ ناژیم لەدوورەوە سەراپام بکە بەهەوار

واغوربەتی عەشقی دوریت تانۆپۆمی داپۆشیوە

پڕ بەحەزم ئەوینی تۆ و ئازار و خەمم نۆشیوە

تەمەن شەرمی لەکەس نییە کە رۆیی ناگەڕێتەوە

بەرەو هەوراز رێ ئەبڕێ، بەرەو پایین نایتەوە

٭ئەم شیعرە هەفتەی رابردوو لە هەمان سایتدا بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام بەهۆی زۆری هەڵەی چاپ کە لە کاتی نەخشەسازی لە کوردستان نێتدا روویداوە، بۆیە دووبارە ناردمانەوە.